بەقیس ژنکی لەهاتوو لەپش سەردەمی جاهیلیدا.. رسوا بسکنی

بۆ پەی بردن بەنهێنیە شاراوەکانی ئایندوو، بەخوێندنەوەی وردی مێژوویی زۆر لایەنی شاراوەمان بۆ دەردەکەوێ، شارەزابوون و ناسینی چەمکە ناتەواو و پڕ کەموکوڕییەکان بەتوێژینەوە و بەدوادچوون دەماننگەیەنێتە ئامانج، سەبارەت بە کێشەکانی ژن، دەبێ قۆناخ بە قۆناغ ئەو سەرکەوتن و شکست و کێشانەی ژن پێیدا تێپەڕیوە، تەنانەت ئەفسانەکانی پێوەندیدار بەو بابەتانەوە خوێندنەوەی وردی لە سەر بکرێ.

بەپێی لێکۆڵینەوە مێژوویییەکان باس لەوە دەکەن، سەردەمێک ژن حاڵەتی پەرەستنی هەبووە و لە ناو بنەماڵە و کۆمەڵگادا ڕێزلێگیراو بووە، دواتر بەهۆی گۆڕانی بارودۆخی کۆمەڵایەتییەوە پێگەی کۆمەڵایەتی ژن لەئاستی کۆمەڵگا و بنەماڵەشدا بە رادەیەکی مەترسیدار هاتە خوارێ و گەیشتە قۆناخی سووکایەتی و زیندە بە چاڵ کردن، گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەت ژیانی گوندنشینی و شارنشینی لە دابەزاندنی پلە و پێگەی ژندا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە، زۆر جار بەرهەمی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان و بارودۆخی ژیانی رابردوو، لە چیرۆک و ئەفسانە کۆنەکاندا هێنگی داوەتەوە، هەندێک لە ئەفسانەکان بەرادەیەک لە راستی نزیکن، بە هەندێک زیادەڕەوییەوە، ژیانی سەردەمە کۆنەکان بۆ نەوەی داهاتوو دەگێڕنەوە، زۆر لە ئەفسانەکان و بەتایبەت چیرۆکە راستەقینەکانی وەک ئادەم و حەوا، مریەمی کچی عمران، بەقیس..هتد، هەروەها چیرۆکە ئەوینداریەکانی وەک: مەم و زین، شیرین و فەرهاد، لەیلێ و مەجنون... هتد. پێگە و بارودۆخی ژن لەو سەردەمەی خێیدا دەست نیشان دەکات. ئەگەرچی چیرۆک و ئەفسانەکان بەپێی سەردەم و ناوچەکان جیاوازی هەبێت، بەڵام لە کۆتاییدا خزمەتی زۆری بەباتەکە دەکەن، ئێمە لێرە چیرۆک و بەسەرهاتی بەقس وەک ژنکی لێهاتوو لەسەردەمێکی تاریکدا بەنموونە دێنینەوە.

بەقیس وەک هەچەک ناسان ئاماژەیان پێداوە، ناوی (یەلقەمە کچی ئەلیەشرحە) لەتارەمەی (قەحتانە)، چیرۆکی بەقیس و سلێمان (990-931 پ.ز)، لەقورئانی پیرۆزدا ئاماژەی بۆ کراوە، کاتێک سلێمان پاشا کوڕی داود لەسەفەر بوو، ڕۆژێک لەڕێگا لەبیابانێک

دابەزی و نیازمەندی ئاو بوو، پرسیاری کرد قوڵی ئاو لێرە چەندە، ئامادەبووان وتیان: تەنیا شانەبەسەر(پەپوسلێمانە) دەتوانێت ئەوە بزانێت، سلێمان وتی: شانەبەسەر بڵنن، بەڵام ئەو دیارنەبوو، سلێمان تۆەبوو، وتی: سزای دەدەم، سەری دەبڕم، بەڵام شانەبەسەر کەهاتەوە بە سلێمانی گوت: "شتێکم بینیوە کەتێ نەتبینوە، بێ تێ لە سەبا هەواڵێکی ڕاستم هێناوە"، ژنێکم بینی فەرمانەوایی گەلێکی دەکرد، زێر پێشکێوتون و هەموو شتێکی هەیە، تەختێکی سەرنجڕاکێشی هەیە، لەجیاتی خوای تاقانە کێنوشی بێ هەتاو دەبرد و هەتاو دەپەرستن، حەزرەتی سلێمان پێغەمبەری جولەکان نامەی بێ نووسی و داوای پەرستنی خوای تاقانەی لێکرد، بەقیس ڕاوێژی لەگەڵ ڕاوێژکارانی وڵاتەکەی کرد، ئەوان وتیان: هێز و شەکەری زۆریان هەیە و ئامادەی شەڕن، بەڵام کاروبارەکان لەئیرادەی تێ دایە و فەرمانت چیە، تا بەجێی بڵنین؟، بەقیس وتی: کاتێك پاشاکان بە زۆر دەچنە شارێك وێرانی دەکەن و خەڵکەکەی ڕەزیل و ڕیسوا دەکەن، من دەزانم ئەو پەیامبەرە و پاشا نییە، من دیارییەك بێ سلێمان دەنێرم، تا بزانم نێردراوان چ هەواڵێك بێ ئێمە دێننەوە، کە دیاری بێ سلێمان نارد، لەوەڵامی دیاری بەقیسدا، سلێمان وتی: من ماڵ و سامانم زۆرە، دەمەوێ خواوەندی تاقانە بپەرستن، ئەگینا سوپایەکتان دەکەمەسەر ڕیسواو پەست و لاوازتان دەکەم، ئەو کاتە لەشاری سەبا، وڵاتی یەمەنیشتان دەردەکەم و یەخسیرتان دەکەم، پیاوەکانی بەقیس گەڕانەوە چیان دی بوو، چیان چاو پێ کەوتبوو، کە سولەیمان هەر پاشا نیە و پێغەمبەریشە، بەقیس ڕووی کردە سەرداران و پیاو ماقوڵان و وتی: هیچ چارمان نیە، دەبێ بە قسەی بکەین، ئینجا خێیی و چەند سەرلشکر و پیاو ماقووڵ و دەست و پێوەندی لەگەڵ خێی بردن و بە سوپایەکی هەزاران کەس بەرەو فەلەستین کەوتنە ڕێ.

بەقیس بێ شەڕ بۆلای سلێمان ڕێیشت، چووە سەردانی سلێمان و سوپایەکی زۆری دەهەزار کەسی وڵاتەکەی هاوڵێیەتیان دەکرد، ڕۆژێك سلێمان کە هاتە دەرەوە تەز و غوبارێکی زۆری بینی، وتی: ئەمەچیە؟ وتیان: ئەمە بەقیسە بەخێی و سوپاکەی بێ ئەرە دێت، سلێمان لەمە ترسی لێ نیشت ویستی هێزی خێی پیشانی بەقیس بدات، سلێمان جنێکە و دێو و باڵندەی لەبەردەست دابوو، کە هەواڵی هاتنی ئەوانی زانی بێ ئەوەی موعجیزەی گەورە و دەسەڵاتی خێی نیشانی بەقیس بدا، ڕووی کردە خەڵکەکە و وتی: ئەی کێمەی دانیشتوان کێ دەتوانی تەختی بەقیسم بێ بێنێ، پێش ئەوەی ئەو بگاتە لای من و موسڵمان ببێ؟ عیفریتێک لە ئەجیننەکان ڕاست بۆوە و وتی: من دەچم بۆت دێنم، پێش ئەوەی لە جێگای خۆت هەستی، زۆریش بە تاقەتم بێ ئەو کارەێ و خیانەتیشی لێ ناکەم، دواتر یەکێکی دی لە دێوەکان "ئەوەی زانستی

کتێبی کۆنی دەزانی، وتی: ئەوەندەی چاو لەسەر یەك دابنێی تەختی بەقیست بۆ دێنم، بۆ ئەو کارە بەتوانا و ئەمینم".
حەزرەتی سولەیمان کە چاوی بە تەختی بەقیس کەوت لەو دوورەوە، لەو ماوەکەمەدا لە لای دانراوە زۆر دڵخۆش بوو، وتی: ئەوە لە گەورەیی خواوەیە و بۆ تاقی کردنەوەی منە، داخوا شوکرانەی نیعمەتی خوا دەکەم یان نا؟
ڕاوی دەڵێ: ئەجینان زۆریان پێ ناخۆش بوو بەقیس موسڵمان ببێ و ببێتە ژنی حەزرەتی سلیمان، زۆریان خراپە دەربارەی بەقیس باس کردبوو. دەیانوت: زۆر بێ عەقڵە و زۆر توکاویە و مووی زۆری بەلەشیەوەیە، بۆ تاقی کردنەوەی بەقیس، سولەیمان فەرمانی کرد، تەختەکەی لێ بگۆڕن و گەوهەرەکانی بە پێچەوانە لێ بنێنەوە و سەرە و بنی بکەن، بزانین دەی ناسێتەوە؟ کاتێک بەقیس گەیشتە لای سولەیمان وتیان: ئەرێ ئەوە تەختەکەی تۆ نیە؟ بەقیس تەماشای کرد و تۆزێک ڕاما و زانی کە ئەوە، بەڵام وتی: دەڵێی هەوە! سلێمان بەبەقیسی وت: تەختەکەی خۆت دەناسیتەوە، بەقیس کە بینی لەتەنیشت سلێمان دانراوە وتی: ئەوە تەختەکەی منە، لەناو قەڵاکانی خۆم بەجێمهێشت و سوپاکەم لەدەورەی بوو، چۆن هێناتان بۆ ئێرە.
ئینجا سولەیمان بۆ ئەوەی بزانێ داخوا ئەجیننە ڕاست دەکەن، کە دەڵێن لەشی بەقیس توکنە و مووی پڕوەیە، فەرمانی کرد کۆشکێکی بۆ وێنەیان بۆ دروست کرد، تەواوی حەوشەکەیان بە ئاوێنە و شوشەی سپی دانا بوو، لەژێرەوەش وەك ئەوەی ئاوی تێدا بوو، پڕ بوو لە ماسی، سلێمان ڕۆژێک چوو لەسەرەوەی حەوشەکە کورسی دانا و لەسەری دانیشت، فەرمانی کرد بەقیسم بۆ بانگ بکەن، بەقیس هات، کە لە دەروازەی کۆشك چووە ژوورەوە وای زانی حەوشەکە پڕە لە ئاو، کراسەکەی هەڵکرد و بەلەکی دەرکەوتن. ئیتر سولەیمان بە ئاوات گەیشت و وتی: ئەوە ئاو نیە مەترسە وەرە ژوورەوە ئەوە شوشەی سپی یە، بەقیس چوو لە لای سولەیمان دانیشت، هەندێ پرسیاری لە سلێمان کرد، سلێمان لێزیرکی بەقیس سەری سوڕما تا ماوەیەك بێ هۆش بوو، دوایی هەستایەوە و پاش کەمێك ئامان، ئینجا وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە، بەقیس کە ئەو موعجیزە گەورانەی دی و چاوی بەو هەموو سەروەت و ماڵ و گەورەییە کەوت وتی: ئەوا ئیمانم هێنا و چوومە سەر دینی سولەیمان، ئینجا حەزرەتی سولەیمان بەقیسی وەك هاوسەری خۆی هەبژارد و پاش ماوەیەک ناردییەوە بۆ یەمەن و زوو زوو سەری دەدا.
بەقیس شاژن و خاوەنی سەتەنەت و پاشای سەبای وڵاتی یەمەن بوو، ژنێکی عاقڵ و خاوەن هزر و ڕاشنبیریەکی زۆربوو، بەپرسیارەکانی سلێمانی پێغەمبەری سەرسام کردبوو، مایەی سەرسوڕمانە ئەم ژنە پاشایە هەموو شتێکی هەبوو، تەختێکی گەورەی سەرنجڕاکێشی هەبوو،

یەکەم کەس بوو کە حەمامی هەبوو، کۆشك و تەلاری وەاتەکەی بەناوبانگ بوون و ئێستاش پاشماوەی شوێنەواری شارستانیەتی وەاتەکەی نیشانەی پێشکەوتنی گەواهی ئەو سەردەمەی بەقیس دەدات، لەکاتێکدا ئەم هەموو گەورەیی و زانایی و پێشکەوتن و لێهاتووی بەقیسی شاژنی سەبەء لە قورئاندا باس کراوە، بۆچی دەبێ وەکو ژنێکی سەردەمی جاهیلی و نەفامی ئاماژەی پێ بکرێ، ئایا شیاوە بەژنێکی سەرەمی نەفامی ناوی بەری، ئەو لێووی ژیری و سەرکەوتن و شارستانیەتی ئەو سەردەمە هەمووی هەبوو، یاخود نەفامی ئەو تەنیا ئەوە بوو خوای تاقانەی نەدەپەرست؟.

ئەو سیاسەتەی لە پشتگێشگیرکردنی حەلبوسیەوە یە!..
عوسمانی حاجی مارف

بەیاری دادگای باڵای فیدراڵی لە عێراق بە هەوەشاندنەوەی ئێندامەتی محەمەد حەلبوسی سەرکی پەرلەمان، سەبارەک دەخاتە سەر دیمەنی سیاسی لە عێراقدا، کە دەرگای ئۆگری گۆانکاری ئاڵز لەبارەی ئایندەی حکومەت و هێزو لایەنە سیاسیەکان و لەهەمانکاتدا پرسیاری لەسەر ڕەوتە سیاسیەکانی عێراق وروژاندوە، بەتایبەتی ئەو هەوەدانەیە کە بە جێگیرکردنی باڵا دەستی هێزی "چوارچێوەی هەماهەنگی" لە ئایندەی حکومەتی عێراقدا جێختی لەسەر دەکرێت.
هاوکات "پارتی تەقەدوم" پارتەکەی حەلبوسی دەست لەکارکێشانەوەی وەزیرو جێگرەکانی لە پێستەکان ڕاگەیاند، ئەمەش گرژیەکانی لە گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا زیاتر کردوەو لە ئایندەی دەخی سیاسیدا چاوەڕوانی بارگرژی زیاتریش دەکرێت. ئەم هەنگاوە جێرکە لە پاشکشەی حزبەکەی حەلبوسی لەنێو پێکهاتەی حکومەتی ئێستای عێراقدا.
لەژێر ڕۆشنایی ئەو بیاریی دادگای فیدراڵیدا، لایەنە سونەکان دڵشداماون لە چۆنیەتی دەربڕینی هەوێستی خۆیان، بەتایبەتی لەگەڵ کۆتایهاتنی ئێندامەتی حەلبوسی و ئێندامەتی نوێنەرەکەی، لەیث دولەیمی، لایەنە سونەکان هەوڵندی جێراوجێر لەخۆدەگرن، لەدەخێکی

گومان و پێشبینی جیاوازدا دەژین سەبارەت بە پێشهاتە سیاسیەکانی عێراق لە داهاتوودا.
ئەم پێشهاتانە لە کاتێکی هەستیاردا ڕوێداون، کە حکومەت ئامادەکاری دەکات بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، لەگەڵ پەرەسەندنی گرژیەکان و گەڕانکاریەکان لە گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا، وا دیارە قەناغی داهاتوو پێ دەبێت لە ململانێ و تێهەڵدا. ئەو پرسیارە دێتەپێش، ئایا هەڵبژاردنەکانی داهاتوو عێراق تووشی دەخی ناسەقامگیری سیاسی زیاتر دەکات؟ ئەم پرسیارە تارماییەک دەخاتە سەر ئایندەی نادیاری عێراق، ئەمەش لەکاتێکدایە کە هەوڵە بەردەوامەکان بۆ ناوبژیوانی و بەڵێنگاربونەوەی گەندەڵی دەچێتە ژێر پەردەیەکی ڕەشەوە.
ئەوەی ئاشکرایە هەڵی "چوارچێوەی هەماهەنگی" لە گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا زیاتر بەرچاوە و تەواو خەریکی پاوانخوازی دەسەڵاتی یەکلایەنەیە لە حکومەتی ناوەندیدا، بەوپێیەی توانای پێکهێنانی حکومەتی هەیە بە هاوپەیمانیەکی بالادەستی خۆی بەسەر لایەنەکانی دیکەدا، وایکردووە 'چوارچێوەی هەماهەنگی" ببێتە یاریزانێکی سەرەکی و بەتوانا لە گۆڕەپانی سیاسیداو کاریگەریان هەیە لەسەر هاوسەنگیە سیاسیەکانی ئێستا و داهاتووی حکومەت لە عێراقدا، بەتایبەتی لە پرسەی هەوڵدانیان بۆ یەکلاییکردنەوەی بەناوەندکردنی حکومەت لە عێراقێکی یەکپارچەدا. لەم بارەیشەوە پشتیوانی تەواوی کەماری ئیسلامی ئێرانی بەدەست هێناوە.
بەیە لەمکاتەدا هەرچەندە لەگەڵی دادگای باڵای فیدراڵیەوە حەلبوسی لەکارخراوە، بەڵام ناتوانین پێشبینی ئەوەنەکەین، کە ئەم هەنگاوە بەشێک لەو گەمە سیاسیانەی سەرکردەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی بۆ دامەزرندانی حکومەتی عێراق لەژێر هەژمونی باڵادەستی خێیاندا بەڕێوەی دەبەن.
حەلبوسی بەشێک بوو لەو هاوپەیمانیە سێ قۆڵیەی دوای هەڵبژاردنی پەرلەمان، شانبەشانی بارزانی و سەدر، کە ئامانجیان پێکهێنانی حکومەت بوو دوور لە هەموو هێزە سیاسیەکانی سەر بە ئێران. ئەم بابەتە جگە لەوەی زەر قورس بوو، تەحەدایەکی گەورەی هەڵگرت، پەموایە لەوە دەچێت ئەوانەی لەگەڵ ئەم هاوپەیمانیەدا بوون تا ئەمەش لە بەرامبەر ئێران و چوارچێوەی هەماهەنگیدا دەبێت باجێکی بدەن.
بە چوارچێوەی هەماهەنگی ئەمە کاتێکی گونجاو بوو بۆ لابردنی حەلبوسی، چونکە لەگەڵ هەڵوەشانەوەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەتەوێ، بەتایبەتی کە بایکۆتی هەڵبژاردن لایەن هەڵوەشی

سەدریکانەوە راگەیاندرا، ئەو نیگەرانییەی بە دروستکردن کە ئاگری ئەوە هەیە حەلبوسی بەشک لە دەنگکانی سەدریکان بەدەستبهێنێت.
بەدوور نازانرێت بەیاری دوورخستنەوەی حەلبوسی بەشکە لە تەکانی مالی شیعە، چونکە هەزە شیعەکان قەبوە ناکەن کەسێک هەبێت سەرکایەتی سونە بکات و لەریزی پشتوەی دەسەاتی سیاسیدا بێت و ململانێی گەرینی دەسەاتیان لەگەدا بکات، وەک لە هاوپەیمانیە سێ قەیەکە لەگە بەرزانی و سەدردا نیشانیاندا.
بەدوای دوورخستنەوەی حەلبوسی، هاوپەیمانەکانی پشتوی لە بارزانی و سەدر هیچ هەوەستەکی فەرمیان لە دژی ئەم بەیارە نیشان نەداوە، بەپێی ئاگەیەندراوی فەرمی پارتی دیموکراتی کوردستان وادیارە ئەوە بە باش دەزانێت خێی لە هەر هەنگاوەکی پلە بە پلە دوور خاتەوەو خێی لە هەر مانەەکی سیاسی لەبەرامبەر هەزە شیعەکان بەدوور بگرێت، لەپێناو خەپاراستن لە هەر بەیارەکی دادگای باڵای فیدراڵی کە دژ بەحکومەتی هەرێم و بارزانی دەربکرێت. چونکە زۆر مەلەفی مشتومڕاوی هەیە کە دادگای فیدراڵی دەتوانێت بەیار لە دژی هەرێمی کوردستان دەربکات، بەتایبەتی دژی بارزانی و پارتی دیموکرات، بەو پێیەی هاوپەیمانی "پارتی تەقەدوم" و سەدریکانی کردوە. ئەوەی بارزانی لە ئایندەیەکی نزیکدا زۆرترسی لێی هەیە ئەوەیە کە دادگای فیدراڵی بەیار لەدژی هەرێمی کوردستان بدات، سەبارێت بە کۆنترۆڵکردنی کەگە نەوتیەکان لەو ناوچانەی تەکەە بە حکومەتی فیدراڵن، وەک کەگەی خورمەە، کە بڕیارسانی حکومەتی فیدراڵی دەەن سەر بە حکومەتی فیدراڵیە و نابێت سەر بە دەسەاتی هەرێمی کوردستان بێت. تا ئەمەش ئەو کەگەیە لەژێر دەسەاتی حکومەتی هەرێمدایە و بەشکی گەورەی توانا نەوتیەکانی هەرێمە کە لەلایەن کەمپانیاکانی سەر بە پارتی دیموکراتەوە کۆنترۆڵکراوە.
ەوونە کە هەزە شیعەکان بەیاریان داوە سنووردارکردن و کۆتاییهێنان بە هەژموونی هەر لایەنێک یان سەرکردەیەک بکەن، کە لەنەو پێکهاتەکانی دیکەدا دیانەوێت بەبە ەکابەر لە دەسەاتدا بمێننەوە، یان بوونی مەیلی سیاسیان دور لەوان یان دوور لە بەرژەوەندی و سیاسەتی تاران بێت. بە ئەمەش پێکهێنانی دەسەاتی دادوەری یارمەتی ئەویان ئەدات بە جێبەجێکردنی ئەم هەنگاوانەی لە ئاراستەی یەکلایکردنەوەی دەسەاتی سیاسی لەژێر هەژمەنی تەواوی چوارچێوەی هەماهەنگیدا پاریزراوبێت.
گرتنەبەری بەیاری دادوەری یان سیاسی لەدژی هەوڵەر لەدوای گۆشگیرکردنی حەلبوسی ئاگارەکی دوور نییە، بەتایبەتی ئەوەی ئێستا حکومەتی فیدراڵی پێویستی پێیەتی هەوەدان و پەداگریە لەسەر ناوەندکردنەوەی حکومەتی عێراق. لەهەمانکاتدا لەبەرئەوەی حکومەتی

هەولێر کۆتایی بەر ڕەحمەتی بەغداو بەردەوام پەویستی بە گفتوگۆیە بە بەغدا، لە هەر بواری‌کدا و لە پاشخانی پشهاتە سیاسیە نوێیەکاندا حکومەتی هەرێم ناچارە لە ڕێگەی کەناڵەکانیەوە مامەڵەیەکی وردو جدی بکات بۆئەوەی بتوانێت پەیوەندیەکی بە کێشە و پتەو لەگەڵ دامودەزگا فیدراڵییەکان بەدەستبهێنێت، یان لەهەر هەنگاوێکدا دەبێت ملکەچی زیاتر بە حکومەتی ناوەندی نیشان بدات.
بارزانی بە ڕاگرتنی هاوسەنگی خۆی لەم گۆڕاوەدا، ناچارە مامەڵەی لەگەڵ بەغدا بکات و هەوڵەکانی چڕتر بکاتەوە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی درەنگ وەخت بۆ پەرلەمانی کوردستان، بۆیە هەر مەترسیەک کە گرفت لەسەر شەرعیەتی حکومەتی ئێستا دروست بکات خۆی لەدەپارێزێت، گەر وانەکات بەبریارێکی دادگای فیدراڵی چۆن دەرگای پەرلەمانەکەیان داخست، حکومەتەکەشی بەردەوام نابێت و بۆی هەڵدەوشێنەوە، هەر بۆو مانایە ناچارکراوە ملکەچی گفتوگۆیە سیاسیەکان بێت.
ئەوەی جێگای سەرنجە یەکێتی نیشتمانی سکاڵای یاسایی تۆمارکردوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی پشکەکان و دابەشکردنی ناوچەی هەڵبژاردن بۆ چوار ناوچە، ئەگەر دادگا بڕیارێک لە بەرژەوەندی یەکێتی نیشتمانی دەربکات، ئەوە گورزێکی توند دەبێت لە پارتی دیموکرات، حاڵەتێکی ئاڵۆز دەخاتە بەردەم جێبەجێکردنی هەڵبژاردن، چونکە پارتی بەتوندی پێداگری لەسەر هەشتنەوەی یاساکە بۆبە گفتوگۆیە هەموارکردنەوە دەکات، لەم حاڵەتەدا هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەرگیر بە بنبەست و کێشەیکی گەورە دەبێت.
گومانی تیانیە کە دەخڵەکو گفتوگۆکان ئەوە بە ئاشکرا دەنوێنن، کە دەسەڵاتی دادوەری لە ژێر سایەی دەسەڵاتدارانی شیعەدایە، هەربۆیە کاریگەری پرسە سیاسیەکان لەسەر دادگا ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە.
دورخستنەوەی محمد حەلبوسی پرسیاری زۆری لەسەر ئاستی شەقامی عەراقی سەبارەت بە چارەنووسی هاوپەیمانی و ئیدارەی حکومەتی ئێستا وروژاندوە. لەگەڵ کردنەوەی دەرگای هەر دانیشتنێکی نوێدا، دەبێتە سەرهەڵدانی گرژیە سیاسیەکان و تێکەڵکردنی کارتەکان. لەهەمانکاتدا بەیاری گەشگیرکردنی حەلبوسی سەبارەت بە هەرێم ئاماژەی دیکەی لەخۆی گرتوە. هەنگە ئاگادارکردنەوەو فشارکیش بێت بە هەوڵەر کە قەناغێکی نوێ لە سایەی سیاسەتکانی چواچۆوەی هەماهەنگیدا دەستپێبکاتەوە.
ئەگەری ئەوە هەیە حکومەتی فیدراڵی هەنگاو بنێت بە وەرگرتنەوەی کونترۆکردنەوەی کەرکوکی نەوتی خورماتو کە نزیکەی 175 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێت.هەروەها کەرکوک غازیەکانی

کەریش هەن، باسیش هەیە کە دادگای فیدراڵی بەیاری سنووردارکردنی بڵاوبردنیان بە حکومەتی فیدراڵی بدات و ئەمش بە مانای بەستنەوەی هەرەمی کوردستانە لە ئێستا و لە داهاتوودا.
مەترسیدارترین پرس بە بارزانی کە بەیارە مامۆستای لۆگۆدا بکرێت، پرسی هەزە چەکدارەکانە، لەوانە پێشمەرگە و ئاسایشی ناوخۆ و دەزگا ئەمنی و هەواڵگرییەکانی هەرەمی کوردستان. دەسەاتدارانی هەرەم ترسیان لە هەر کارێک و بریارێکی دادوەری هەیە کە بەم ئاراستەیە جار لۆگۆ جار سنوردارتریان دەکات، بەتایبەتی کە هەرەم موچە بە هەموو ئەندامانی ئەمنی و مەدەنی و سەربازی دابین ناکات و لەو کارەشدا پێویستی بە هاوکاری حکومەتی فیدراڵی هەیە.
زۆرێک لەناو حکومەتی عێراقدا، تەنانەت لەسەر ئاستی قەوارە سیاسییەکانیش، پێیانوایە هەرەمی کوردستان مافی ئەوەی نییە هەزی چەکداری یان دامەزراوەی ئەمنی خۆی دروست بکات. ئەگەر دادگای فیدراڵی دەستوردان لەو پرسانەدا بکات، هەرەم بە ئەگەرێکی زۆرەوە لایەنی دۆاو دەبێت و بەمشێوەیش قەوارەی هەرەم تەنها قاوغێکی دەمێنێتەوە.

کتێبی (قەیرانی ئابووری سەرمایەداری) لەم نزیکانەدا لە کوردستان چاپ دەکرێت.. کاوە کەریم

خوێنەرانی هێژا
کتێبی (قەیرانی ئابووری سەرمایەداری) لەم نزیکانەدا لە کوردستان چاپ دەکرێت، هەروەها لە داهاتووی نزیکدا لە ئەوروپا. کتێبەکە لەبەرگێکی 284 لاپەڕەیی بابەتکانی تێدا بەاوکراوەتەوە. کتێبەکە چەند بابەتێکی گرنگ لەخۆ دەگرێت. لەوانە:

- قەیرانی سەردەمی ئێستای سەرمایەداری
- هەکاری قەیرانەکە

- هەڵاوسان، و تیۆریەکانی مۆنتیریزم و چەندایەتی
- تیۆری مارکس بۆ قەیرانی سەرمایەداری
- یاسای مەیلی دابەزینی تەکرای هێڵی قازانج
- تیۆری کەم بەکاردن و قەیران
- جۆرەی خولگەی قەیرانی سەرمایەداری
- ئابووری کلاسیک و قەیران
- یاسای (سای)
- لەنەوان (سای) و مارکسدا
- ئابووری نیوکلاسیک و قەیران
- تیۆریەکانی ئابووری نیوکلاسیک و قەیران
- ئابووری مارشاڵ
- هەبازی کینزی
- لەنەوان هەبازی کینزی و مارکسدا
- هەبازی نیئولیبرالیزم و قەیران، بەچونەکانی هایک و بنەما فکریەکانی
- سەرمایەداری دەوڵەتی و قەیران
- پارە و دراوگەرایی، قەیرانی سەرمایەداری.
- تیۆری دراوی مارکس
- قەیرانی دارایی ، قەیرانی قەرز
- مارکس، سەبارەت بەکاری کرێگرتە وسەرمایە.

هەڕوەها هەندێک بابەت و تیۆری تریش کە پەیوەندی بەباسەکانی کتێبەکەوە هەیە.
بەهیوام کتێبەکە بابەتێکی بەسوود بێت بە خوێنەران.

کاوە کەریم

هەمانە شیعری (پارچەکانم کۆکەنەوە)-2.. ستار ئەحمەد

بەشی دووەمی

ڕەنگە .. شەوەکان هەواسن
دیدەی ئەستێرەکان دەرکەن
تاریکی بەسەر دورگەی زام و
دەروونی خەکیدا بەشکەن
پەیامێکی نوێ دەنووسم
شەماڵ دەکەم بەرابەری
بەهار نیگای چارەنووسم
لەئەلفەوێ ئەدگارەکان
لەهەنیەی گە هەدەکەم
راستیەکان دەکەمە زارو
نەبەردیەکان بەمەژووی گوڵ
پەتان دەم :.
شۆڕشگێڕی جەنگ
نەخشەی ئینسان
ئاودیو دەکا
گوللە گەزادەی دەزەخ
ژەهری تاوانتان
کەلاوە
وەاتەکی گیرخواردووە
گلۆپەی تەقیوی کەرپەو
کەشی بەاوی دایکە
چوارچێوەی هەورتان سووتان و
دەماماکتان
لەووی ستەم نەکردوە
زەرتان ماوە
ئانیشك لەباسك جوکەنەوە
پەنجە بەگژ دەستا بکەن
سینە لەخوێناو وەردەن و
دەست بخەنە جەرگی وەتەن

ستار ئەحمەد